# تیرۆر فەلسەفەی وێران کردن و سڕینەوەی ئەوانی دی

سلێمان عەبدوڵلا یونس

تیرۆر خاوەنی ناسنامەیەکی عەرەبی ئیسلامیە ، لەدوای ئەوەی عەرەب فەرمانڕەوایەتی خۆی بەسەر ئیمپڕاتۆریەتی پان و پۆڕی ئیسلامی لەدەست دەرهات لەڕێگەی عەشیرەتێکی تورکی بچوکەوە کەپێشتر لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو ئەنادۆڵ کشابوون و بە عوسمانیەکان ناسرابوون ، عوسمانیەکان کە بەزوویی توانیان لەڕێگەی پەلاماردان و بەکارهێنانی هێزەوە واقیعی خۆیان لە خێڵێکی بچوکەوە بگۆڕن بۆ قەوارەیەکی خاوەن نفوز و ببنە خاوەن قەڵەمڕەویەکی بەرینتر لەوەی کە خۆشیان چاوەڕێیان دەکرد و سەرەنجامیش توانیان جڵەوی ئیمپڕاتۆریەتێکی ئیسلامی وەربگرن کە دەمێک بوو مایەی مشتومڕو ململانێ و ناکۆکی و جەنگ و پێکهەڵپڕژان بوو لەنێوان عەرەب و ڕۆم و عەجەم دا .

عەرەبەکان هەر لەساتەوەختە بەراییەکانی ئەم دۆڕاندنە مێژوویەدا هەستیان بەمەترسی ئەم ئاڵوگۆڕە گەورە و چارەنوسسازەی دەسەڵات کردوو نەیانتوانی ئەم ئاڵوگۆڕە گەورەیە کە بەقازانجی ناوبانگی نەتەوەیی ئەوان نەبوو هەتاسەر قبوڵ بکەن هەربۆیە بە زوویی بەرهەڵستکاری خۆیان بەدوو ڕێگاو بە دوو شێوازی بیرکردنەوەی تەواو لەیەکتری جیاواز ڕاگەیاند ، کەیەکیان بریتی بوو لەبزووتنەوەی کۆنخوازەکان  کەلەم نوسسینەدا زیاتر تیشکی دەخەمە سەر و زیاتر مەبەستی منە لەم نوسینەدا ، شیوازی دووهەمی بەرهەڵستکاری عەرەبەکان بزووتنەوەیەکی عەرەبی نەتەوەیی بوو کە خۆی بە نوێخواز لە قەڵەم دەدا ئەگەرچی بەدرێژایی مێژووی خۆی هەتا ئەمڕۆش ئەم بزووتنەوەیە نەیتوانیووە خۆی لە جەوهەری بیرکردنەوەی کۆنخوازەکان بەتەواوەتی جیابکاتەوە و دابڕانێکی پۆزەتیڤانە دروست بکات .

کۆنخوازەکان دژایەتی خۆیان بۆ ئەم ئاڵوگۆڕەی دەسەڵات نەشاردەوە ، بەزوویی کەوتنەخۆ بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە تازەیەی عوسمانیەکان خوڵقاندبوویان بگۆڕن و جارێکی تر ئیمپڕاتۆریەتی ئیسلامی بە ناسنامە عەرەبیەکەیەوە بگەڕێننەوە ، بە درێژایی تەمەنی چوارسەد ساڵەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی ئەم بزووتنەوە کۆنخوازیە کەتەنها ناکۆکی و جیاوازی لەگەڵ ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لەسەر ناسنامە عەرەبیەکەی بووە بەچەندان یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی خوێناوی خوڵقاندووە و بەردەوامیش هەوڵی داوە ئەو بزووتنەوەیە بە دیسکۆڕسی جیهادی خۆی پتەو بکاو ڕەوایەتی خۆشی بکاتە ئەرکێکی ئیسلامی و ئیلاهی ڕەها و تا دواجار لەسەر دەستی ڕێبەرە توند ڕەوەکانی ئیخوان موسلمینی

وەکوو حەسەن بەنا و سەید قوتب بە شێوەیەکی توند و تیژتر و بە فەلسەفەیەکی تیرۆرستی و خۆی وەکوو تیرۆر ناساند و ئەمڕۆش لەسەر دەستی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ئەو تیرۆرە خۆی وەکوو بزووتنەوەی جیهانی کە بەتیرۆریزمی نێودەوڵەتی ناسراوە دەرخستووە .

ئەوەی کەوەکوو جیاوازی ڕیشەیی و قوڵ لە ناو ئەو بزووتنەوەیەدا هەستی پێ دەکرێت ئەو گۆڕانەیە کە بەسەر داخوازیەکانی ئەو بزووتنەوە کۆنخوازیەدا هاتووە ، چونکە ئەگەر جاران ئەو بزووتنەوەیە لە ساتەوەختە بەراییەکانی سەرهەڵدانیەوە خەونی بە گەڕاندنەوەی ناسنامە عەرەبیەکەی ئیسلامەوە بینیبێ و ئامانجی فەرمانڕەوایەتی خودی عەرەب بوویێت بە سەر شارستانێتی ئیسلامی دا ،ئەوا ئەو بزووتنەوە تیرۆریستیەی ئەمڕۆ ڕێکخراوی ئەلقاعیدە سەرۆکایەتی دەکات ئەم ئامانج و داخوازیانەی نیە و سنوری هەڵسوڕان و کارە تیرۆریستیەکانیشی بە تەنها لە قەڵەمڕە و شارستانێتی ئیسلامیدا دەرناکەوێ بەڵکوو بە شێوەیەکی دڕندانە جەنگی لە گەڵ شارستانیەتەکانی دیکەشدا بەرپا کردووە ئەمە جگە لە پەلاماردانی دڕندانەی بەشێک لە شارستانێتی ئیسلامی لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بوونی هەموو ئەوانەی لەناو ئەم شارستانێتەشدا لە دەرەوەی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستیە خۆیان ئەژمار دەکەن ، کەواتە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ ترسناکی ئەم بزووتنەوە تیرۆریستیە نێودەوڵەتیە بکەین بەوەی کە نەباوەری بە دیالۆگ یان دانوسان هەیە ، چونکە جەنگەکەی بۆ ئەوە نیە شتێک بدات و بۆ ئەوەی شتێکی دیکە بستێنێ ، هەربۆیە دەکرێ بگوترێ ئەو بزوتنەوە تیرۆریستیە هەرگیز نە دەکرێت پێی بگوترێت بەرهەڵسکار و نە لە خانەی بەرگریکاریشدایە ، بەرهەڵستکار نیە چونکە نە بڕوای بەدانوسان هەیە و نە مەرج و داخوازی دیاریکراویشی هەیە تا بەرامبەرەکەی بۆی بسەلمێنێ ، بەرگیکاریش نیە چونکە سنور و شوێنی هەڵسوڕانی ناوچەیەکی دیاریکراو نیە.
تیرۆر بزووتنەوەیەکە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی نموونەی نەبووە ، ڕاستە مرڤایەتی بەربەریەت و نازیزم و فاشیەتی بەرهەم هێناوە ، بەڵام تیرۆر لە سەر دەستی ئیخوانەکانی میسر و بەعسیەکانی عێراق و ڕێبەرەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە توانی ئەو دیوی بەربەریەت و نازیزم و فاشیەت بخوڵقێنێ کە بەڕاستی پێشێلی هەموو بەها مرۆڤایەتیەکان بکات بەئەندازەیەک ئاشی جیهانی بخاتە مەترسیەوە و پەنایەک بۆ ئارامی و ئاسودەیی نەهێڵێتەوە و تەڕو وشک بەیەکەوە بسوتێنێ .

لەکوردستان دا تیرۆر هەر بەناسنامە عەرەبی و بەعسیەکەی هەبوو هەتا ڕاپەڕین ، بەداخەوە ئەگەرچی ڕاپەڕین بۆ ئێمە دەروازەی ئازادی نەتەوەیمان بوو لەگەڵ خۆیدا دەرگای چەندان دیاردەی جوان و نیشتیمانی هێنا بەڵام بەداخەوە هەر ئەو ڕاپەڕینەش بوودەرفەتی بە تیرۆر دا کە بە جامانەو شەرواڵی کوردیەوە بێتە نێو ماڵەکانمانەوە و وەکوو ئیسلامی سیاسی بۆیەکەمین جار بە شیوەی هێز خۆی بناسێنێ و هەڕەشەی جدیش بێت لە سەر چارەنوسی کورد لەو ماڵەی کە بەخوێن و فرمێسک و ئارەقە و شەونخونی میللەتێک تازە بە تازە بنیاتمان نابوو ، بەداخەوە شەڕی کورد کوژە لە کوردستان زیاتر چانسی

گەشەکردن و ژیانی تیرۆری ڕەخساند و زیاتر دەرگای ئەوماڵەی بۆ خستە سەر پشت ، ئێستاش لە کوردستان دیاردەی دوو ئیدارەیی زەمینەی باشتر بۆ گەشەکردنی تیرۆر دەڕەخسێنێ ، تیرۆر لە نێو ماڵەکانماندا جگە لە وەی هەڕەشە لە هەموو بەها نیشتیمانی و نەتەوەیەیی و کۆمەڵایەتیەتی و مۆراڵیەکانیشمان دەکات وەکوو لە دانپیانانەکەی گروپە تیرۆریستیەکەی شیخ زانا بۆ هەموو تاکێکی ئەم کوردستانە ڕوون بووەوە ، ئامانجی کوشتنی نەتەوەیەک و وێرانکردنی نیشتیمانەکەشمانە لە کوردستاندا ، بۆیە لێرەوە دەسی دەسی کردن بە هەوڵی یەکگرتنەوەی ئیرادە و ئیدارەی دوو لەتی کوردیەوە ، ئیدی کەس ناتوانێ بڵێ خیانەتی نیشتیمانی نیە،مەترسی تیرۆر لە کوردستان مەترسیەکی یەکجار ترسناکە ، بەئاسانی لەدەستی دیت گوتاری سیاسیمان بنکۆڵ بکات ، بۆ ئەوەی لە کوردستان تیرۆر ڕیشەکێش بکەین پێویستیمان بەدیسکۆرسێکی مۆدیرن و عەقڵانی و نەتەوەیی هەیە .

slemanyunes@yahoo.co.uk